حسێن یەزادن پەنا ...

# ئێران بوونی نیە ... ئەوەی هەیە دەوڵەتی فارسەکانە

**لە کۆتایی هەشتاکانی زایینی، یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانی ئێران وەك باڵێکی سیاسی بزاڤی نەتەوەیی رزگاریخوازی کوردستان، جیاواز لەگەڵ پرەنسیپ و ئامانجەکانی حزبەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان دامەزرا، یەکێتی شۆڕشگێران لەو حزبە سیاسی نەتەوەییانە بووە کە بە تێزێکی نەتەوەیی سەربەخۆخواز کاری بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی کردووەو لەو پێناوەشدا چەندین قوربانی پێشکەش بە کاروانی شەهیدانی رێگای سەربەخۆیی کوردستان داوە، لەم گفتوکۆیە رووبەرووەدا لەگەڵ سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، کاك حوسێن یەزدان پەنا چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە رەوشی سیاسی هەنووکەیی رۆژهەلاتی کوردستان و کێشەی دەسەڵاتی ئێران لەمەڕ مەسەلەکانی ریفۆرم و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و قەیرانی ئەتۆمی نێوان دەوسەڵاتی ئێران و ئەمریکاو رۆژئاوا دەروژێنین.**



دیمانە: جێگری سەرنووسەر

*** هەنووکە پاش ئەو گۆڕانکاریە سیاسییانەی کە لە کوردستاندا روویاندا، پەیوەندیتان لەگەڵ حزبە سیاسیەکانی دیکەی نێو رۆژهەلاتی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان چۆنە؟**

— ئێمە وەکو پرانسیپ پێمان وایە دەبێت رۆڵەکانی نەتەوەی کورد یەکگرتوو ویەك ریز بن، بۆیە پێمان وایە حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەبەرئەوەی ئامانجیان ئازادی کوردو سەربەخۆیی کوردستانە، پێویستە پەیوەندییەکی باشیان هەبێت، بۆیە ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان لە چوارچێوەی کوردستان کەس بە دوژمنی خۆمان نازانین و خۆمان بە دوژمنی کەس دانانێین هەروەها هەموو هێزو باڵە نەتەوەییەکانی کورد بەسەرمایەی میللەتی کورد دەزانین، یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان هەر لە یەکەم راگەیاندراوی دامەزرانیدا بەندێکی تەرخان کردووە باس لە بەرەی کوردستانی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەکات. بەڵام پێم وایە دۆخی کوردستان بە شێوەیەکە تەنها پەیوەندی و هاتوچۆ بەس نیە، بەڵکو دەبێت چ لە ئاستی کوردستانی رۆژهەلاتدا بەرەیەکی کوردستانی دروست ببێت، چ لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە پەیوەندی نێوان هێزو لایەنە سیاسیەکان ببردرێتە قۆناغێکی شەفافترو بەهێزتر.

*** بەم دواییە لە دەرەوە بەیاننامەیەك بڵاوکردایەوە باس لە بەرەی گەلانی ئێران دەکات دژ بە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئامانجی ئەم بەرەیە لە پێناوی چییە؟**

— بەرەی گەلانی ئێران کە لەم ماوەیەدا دروست بوو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی بارودۆخێك کە گەلانی بندەستی ئێران پێویستیان بە هاوکاری یەکتر هەیە لەبەر ئەوەی لە دۆخێکی یەکچوودان، ئەوانەی لە ئێران بندەستن پێنج نەتەوەن (کورد، بەلوچ، عەرەب، ئازەر، تورکمان) ئەو نەتەوانە مافی دیارکردنی چارەنووسیان لێزەوتکراوە ئەوانە خاکی خۆیان هەیە، بەڵام هێزی داگیرکەری حکومەتی مەرکەزیەی تاران زاڵە بەسەریدا هەر بۆیە ١١ مانگ لەمەوبەر یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بانگەوازێکی ئاراستەی حزب و رێکخراوە بن دەستەکانی گەلانی ئێران کرد...

لەم بانگەوازەدا ئێمە دەڵێین هێزی پاوانخوازی ئێران توانای چارەسەرکردنی کێشەی ئێمەی نیە لە لایەکی دیکەوە دەڵێین هێزی (تۆتالی تێر) چ راست بێت چ چەپ، چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی پێ نییە.. هەروەها دەڵێین ئەو قسەو باسانەی لە چوار چێوەی فۆرم و ئیسلاحاتدا لە نێو رژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئارادایە ئەوانە وەڵامی پێویست بەو کێشانەی ئێمە نادەنەوە. بۆیە داوامان لێکردن کە لە دەوری چەترێکی فرەوانی نەتەوە بن دەستەکان کۆببنەوە، بەدوای ئەو بانگەوازەی ئێمەو چەند حزبێکی ناسراوی ئەو نەتەوانە بە ئاشکرا بەیاننامەیان بڵاوکردەوەو پێشوازیان لەو پێشنیارەی ئێمە کرد، ئەو دەم چەترێك دروست بوو بە نێوی (یەکێتی کۆمیتەی هاوکاری نەتەوە بن دەستەکانی ئێران) ئەو کۆمیتەیە ماوەی چەند مانگێك کاری کردو لە بۆنەی جۆراو جۆردا هەڵوێستی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام لەو دواییەدا دۆخێك هاتە پێش بارودۆخەکە بە شێوەیەك بوو، بۆیە ئێمە پێمان باشبوو ئەو کۆمیتەیە بگاتە ئاستی بەرەیەك بە نێوی (بەرەی گەلان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس) ئامانجی ئەم بەرەیە تەئکیدو پێداگری لەسەر مافی دیارکردنی چارەنووس دەکاتن پێی وایە لە داهاتووی ئێراندا دەبێت مافی چارەنووسی گەلە بن دەستەکان دابین و دەستەبەر بکرێت، هەر گەلێك خۆی لە سەلاحیەتی دیارکردنی ئەو چارەنووسەی هەیەو سەرەکیترین ئامانجی ئەو بەرەیە ئەمانە بوون.

*** هەنووکە ئێران لەبەردەم جۆرێك لە گوشارو هەرەشە دایە بە تایبەتی لەلایەن ئەمریکاو رۆژئاوادا لە وانەش کێشەکانی ئەتۆم و مەسەلەی دیموکراسی و مافی نەتەوەکانی ئێران... ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو رەوشەو چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

**من بە شانازییەوە دەڵێم یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، پێشەنگو داهێنەری چەمکە نوێیەکانە لە رۆژهەڵاتدا.. ١٤ ساڵ لەمەوبەر کە رۆژهەڵاتی کوردستان لە حاڵەتی رکودی سیاسی کوردی دابوو، باسێك لە کوردستانی بوون و سەربەخۆیی و فیدارلیزم نەبوو**

— مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە ئێران چ وەکو رژێمێکی سیاسی چ وەکو حکومەت، چ وەکو ئەو قەوارە سیاسی و جوگرافیەی کە هەیەتی هەم لەگەڵ رەوشی ناوخۆو هەم لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندی دەرەوەی بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەك ناگرێتەوە. لە نێوخۆدا ناتەبایە لەبەر ئەوەی ئێران بۆ خۆی رژێمی سیاسی (سانترالیستی) هەیە، لەم وڵاتەدا شەش نەتەوە بەزۆری و زۆرداری خراوەنەتە پاڵ یەك دەوڵەت بەبێ ئەوەی ویستی و ئارەزوی خۆیان لەسەر بێت.. پێنج نەتەوەیان بندەستە و چەوساندنەوەی نەتەوەییان لەسەرەو مافی چارەنووسیان پێشێلکراوە، لە راستیدا ئێرانێك بوونی نیە ئەوەی کە هەیە دەوڵەتی فارسەکانە.. (زمان، کارگێری، مەزهەب، ئایین) هەمووی هی ئەوانە، بەڵام بۆ چاوبەستن ناویان ناوە (ئێران) لە نێو خۆدا گەلانی بن دەستی چیتر نایانەوێت لەم زیندانەدا بژین، هەروەها نەتەوەی فارسیش بزوتنەوەی ئازادیخوازو دیموکراسی تێدایە کە دژ بە دەسەڵاتداریەتی ئاخوندەکانە، بۆیە ئەگەر بە پێی ویست و داخوازی نێو خۆی بێت ئەوە بارودۆخەکە روونە لەلایەکی دیکە ئێران بۆتە مەترسی بۆ ئاشتی جیهانی، ئێران یارمەتیدەرو داڵدەدری هەموو دەستەو تاقمە تیرۆریستەکانە دژ بە رەوتی ئاشتی (عەرەب، ئیسرائیل) دژ بە سەقامگیریە لە عیراقدا، ئێران بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، فەرمانڕەوانی سوورن لەسەر ئەوەی کە بە چەکی ئەتۆمی خۆ فەرزبکەن، بەڵام رۆژاوا بەتایبەتیش ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی سوورن لەسەر ئەوەی کە نەهێڵن ئێران دەستی بەو چەکە رابگات...چونکە ئەگەر ئێران دەستی بەو چەکە رابگات دەتوانێ خۆی بسەپێنێ، دەتوانێ ئاشتی و ئاسودەیی لە ناوچەکەو لەدنیادا بخاتە مەترسییەوە، بۆیە ئێستا لە دەرەوەو ناوەوە بڕیار ئەوەیەو دەبێت ئەو رژێمە بڕوات و نابێت بەم شێوەیە بمێنێتەوە، دوو حاڵەتی سیاسی چاوەڕوان دەکرێت. یەکێکیان ئەوەیە یان ئێران وەکو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەڵدەوەشێتەوەو هەر نەتەوەیەك بۆ خۆی دەوڵەتێك پێکەوە نێت..

حاڵەتی دووەم ئەوەیە، ئەگەر هاتوو بەرژەوەندی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدابوو کە ئەو دەوڵەتە بمێنێتەوە، ئەوە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی لە نێو خۆدا دابەش بکرێت. دەسەڵاتی سیاسیش لەسەر بناغەی نەتەوەیی واتە هەر نەتەوەیەك لەسەرخاکی خۆی دەسەڵاتدارێتی نەتەوەی خۆی هەبێت، چارەنووسی خۆی هەبێت ئێران ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی پێکهاتوو لە چەند کۆمارێکی سەر بە نەتەوەکان ئەوە ئێران دەیهێڵێتەوە ئەگینا ئیتر مومکین نیە ئێران بەم شێوەیە بمێنێتەوە.

*** لەمەڕ مەسەلەی سەربەخۆیی و پابەندبوون بە سەنتەرەوە جیاوازیەك دەبینێت لە نێوان گوتاری سیاسی حزبە کوردیەکانی ئێران و راوبۆچوونی شەقامی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان**

**هەڵوێستی سیاسی حزبە کوردیەکان بە تایبەتی لە رۆژهەلات، بە تایبەتی ئەو حزبانە زۆرجار باس لەوە دەکەن کە ئێمە بەشێکین لە ئێران و سەربەخۆییمان ناوێت، بەڵام رای گشتی و شەقامی کوردی جەخت لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەکاتەوە، ئێوە وەك حزبێکی سیاسی نەتەوەیی کوردی چۆن ئەم جیاوازیە هەڵدەسەنگێنن؟**

— ئێمە تەنها لە هەڵوێستی خۆمان بەرپرسیارین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەوە بەشتێکی دوور لە راستی دەزانین خەڵکانێك باس لەوە بکەن کە کورد سەربەخۆیی ناوێت.ئەوەی کە گوزارشت لە جیابوونەوەی دەسەڵات چیە ئەگەر مەسەلە لەناو بردنی خاکی ئێرانە، ئەوە کورد خاکی خۆیەتی نیشتمانەکەی خاکی ئێران نیە تاکو لەتی بکات و لێی جیاببێتەوە بەڵکو ئەوەی کورد دەیەوێت یەکگرتنەوەیە لەگەڵ بەشە دابڕاوەکانی دیکەی ژێر دەستی دەوڵەتانی دیکە. بەڵام با وای دابنێین جیابوونەوەیە لە دەوڵەتی ئێران لەبەر ئەوەی کورد بە ویستی خۆی نەخراوەتە سەر ئەو دەوڵەتە، بەڵکو بە بڕیارێکی زاڵمانەو بە رێکەوتنێکی زاڵمانەی نێوان داگیرکەران و نەخشەو پلانی داگیرکەران، کوردستان خراوەتە سەر ئەو دەوڵەتانەو پێوەی لکێنراوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە لە شوێنێك کە هەزاران لە رۆڵەکانی کورد لە شارەکانی رۆژهەلاتدا ئاڵای کوردستان هەڵدەکەن و دروشمی نەتەوەیی کورد بەرز دەکەنەوە، بەڵام بۆچوونی ژمارەیەك لە حزبەکان لە ئاستی ئەو بزوتنەوەیەدا نیە، من بە شانازییەوە دەڵێم یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، پێشەنگ و داهێنەری چەمکە نوێیەکانە لە رۆژهەلاتدا.. ١٤ ساڵ لەمەوبەر کە رۆژهەلاتی کوردستان لە حاڵەتی رکودی سیاسی کوردی دابوو، باسێك لە کوردستانی بوون و سەربەخۆیی و فیدارلیزم نەبوو، ئەقلیەتی سیاسی کورد بە روحی ئێرانچییەتی داگیرکرابوو یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بووە هەڵگری پەیامێکی نوێ، کوردستانی بوونی لە بەرامبەر ئێرانچییەتی داهێنا، سەربەخۆیی کردە ئامانجی خۆی و خود موختاری رەتکردەوە، ئێمە بە شانازیەوە یەکەمجار ئەو رێگە چارەیەمان هەڵبژارد، بەڵام لە پەرلەمانی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ فیدراڵی پەسەند کرد، یەکێتی شۆڕشگێران لە یەکەمین بەیاننامەیدا باس لە فیدرالیزم دەکات لە ٢٠ مایسی ١٩٩١ جیاوازییەکانی نێوان فیدراڵی و خود موختاریمان روون کردۆتەوە، لە دۆخێکدا کە ئێستا فیدرالیزم دەتوانێت چارەسەری کێشەی کورد بکات لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردی پێوە لکێندراون یان ئاڵای کوردستان لە رۆژهەلات هیچ هێزێکی سیاسی نەیبوو لە باشووریش تەنها پاسوك هەیبوو، یەکێتی شۆڕشگێران ١٣ ساڵە ئاڵای کوردستانی نەك تەنها بۆ جوانی ژوورو بنکەو بارەگاکانی بەڵکو وەك بەشێك لە ناسنامەی سیاسی و حزبی خۆی هەڵگرتووە، نزیکەی ٢٠ پێشمەرگەی شۆڕشگێران لە ساڵی ١٩٩٣ لە چالاکیەکدا لە ساڵرۆژی کۆماری کوردستان وەك حاڵەتێکی سیمبوڵی کە ئاڵای کوردستانیان لە ناوچەکانی ژێر دەستی کۆماری هەڵکردبوو شەهیدبوون.

*** عەباس وەلی کە بیرمەندێکی ناسراوی رۆژهەلاتی کوردستانەو ئێستا لە زانکۆی لەندەن دەرس دەڵێتەوە بۆچوونێکی هەیە دەڵێت: ئەگەر مافە مەدەنیەکانی هاوڵاتی بوونی کورد بێتەدی، ئەو خەڵکانە پێویستیان نە بە حزب و نە پێویستیان بە شۆڕش هەیە ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

— ئەوەی کاك عەباسی وەلی باسی لێوەدەکات تێوریزەکردنی بە کۆیلە هێشتنەوەی کوردە، مەسەلەی کورد کێشەیەکی سیاسیە، خەباتی بۆ مافی سیاسیە نەك مەدەنی ئێستاش لە پارچەکانی کوردستان نەك رێگری لە کورد ناکرێت ئەگەر (یەکێتی شۆفێرەکان) دابنێت یان ئەو کۆڕو کۆمەڵە مەدەنیانە دابنێت کە رەنگدانەوەی خواستی نانەتەوەیی بن بەڵام کێشەی ئێمە کێشەیەکی سیاسیە، ئەو کێشە سیاسیە بە مافی دەسەڵاتداریەتی سیاسی چارەسەر دەکرێت، ئێمە چەندە دەسەڵاتمان هەبێت ئەوەندە دەتوانین مافەکانمان دابین بکەین چەمکی وەك هاوڵاتی بوونلە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەند واتە بە کۆیلە هێشتنەوەی کوردو خزمەتی راستەخۆی داگیرکەران دەکات، دەزانین مافی هاوڵاتیبوون پیرۆزە، بەڵام لە کوێ؟ لەو شوێنەی کورد بۆخۆی دەسەڵاتداریەتێکی نەتەوەیی هەبێت.

— تۆ بتوانێت گیانێکی سەربەخۆ، لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سەربەخۆو لەژێر ئاڵایەکی نەتەوەیی خۆتدا بتوانێت ژیانێکی ئازادو لەو کۆمەڵەکەیدا دەبێت پێداگرین لەسەر مافی هاوڵاتیان و بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگەو ئازادیە جۆراوجۆرەکان، بەڵام ناکرێت مافی سیاسی کورد ئەوەندە بهێنێتە خوارێ کە بەو ئاستەی داگیرکەرانی بە ماف هاوڵاتیبوون و مافی شارۆمەندی قەناعەتی پێ بێنێت، بۆیە ئێمە دژی ئەوەین و پێشمان وایە رۆشنبیرو خوێندەواری کورد زۆر بە سەرنج و دیقەتەوە بڕوانێتە ئەو جۆرە تێزو بۆچوونە، ئەوانە ترسناکن لەسەر جوڵانەوەی کورد، ئیتر جوڵانەوەی کورد لە ئاستێکدا دەبێت مرۆڤی کورد گەرەکە پێ لەسەر دەوڵەتیبوون دابنێت.

*** ئەگەر سەرنج بدەینە ئەدەبیاتی حزبەکەتان و بە نێو بارەگاکانتان بگەڕێین، دەبینین ئێوە زۆر پابەندی رابردووی خۆتانن بە تایبەتی لە ئەرشیفی یەکێتی شۆڕشگێران لەوانەش هەبوونی چەندین وێنەی پێشەواو سەرکردەو خەڵکی دیکە ئەم وێنانە گوزارشت لەچی دەکەن؟**

— دیارە ئێمە خۆمان بە درێژە دەرو میراتگری هەموو رێبەران و شۆڕشگێرانی پێش خۆمان دەزانین هەموو ئەوانەی کە یەك رۆژ لە پێناوی رزگاری کوردستانە خەباتیان کردووە خەباتگێرانێکی وەك شێخ عەبدوڵڵای نەهری، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، وەك پێشەوا قازی محەمەدو جەنەراڵ بارزانی نەمر. ئێمە خۆمان بە میراتگری ئەوانە دەزانین، ئەوانە ناسنامەی میللەتی ئێمەن، سیمبولی خۆراگری میللەتی ئێمەن، خۆمان بە درێژە دەری ئەوان دەزانین لەلایەکی دیکەوە بیروباوەری ئێمە درێژەی ئەوەیە کە فەیلەسوفی کورد (ئەحمەدی خانی و دواتر حاجی قادری کۆیی)دایان هێناو دواتر پەرەیان پێدا ئەویش تێزی ناسیۆنالیزمی کوردییە، خەباتیشمان لەو سەرکردەو رێبەرانەمان وەرگرتووە وەکو شێوەی کەسیش هەندێکی شتی تر ئێمە بە پێشەواو شەهیدەکانی کۆمارەوە گرێ دەدات و پێشەواو خوێنی قازی لە دایکەوە لە وبنەماڵەیەن کەمن لەو بنەماڵەیەم بێجگە لەمەش لە کۆماری کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لە خزم و کەس و کاری من ئەفسەرو پارێزەری ئەو کۆمارە بوون، سەرەنجام خوێنی ٨ کەس لە مام و ئامۆزاکانی من تێکەڵ بە خوێنی قازییەکان و چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی باشوورو سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوون.

*** لەمەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران چیدەڵێن؟**

— ئێمە لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی کوردەوە سیاسەت دەکەین و هەڵوێست وەردەگرین، هیچ هەڵبژاردنێکی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٢٦ ساڵەدا هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکرات نەبووە، بۆیە هیچ چاوەڕێ ناکەین لەم هەڵبژاردنەش سەرۆکێکی جیاواز لەوانی دیکە بێت و ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە رژێمێکی جمهوری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی و بەرپەرچدانەوەی گوشاری نێو دەوڵەتی زیاتر پێویستی بەوە هەیە دەنگی خەڵك کۆبکاتەوە، ئەگینا ئەوە هەڵبژاردن نیە بەڵکو شانۆگەرییەکی هەڵبژاردنە، ئێمە لە چوار چێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردنمان پێباش دەبێت و سیاسەتی هەڵبژاردن دەگرینە بەرو داوا لە خەڵك دەکەین کە بەشداری نەکەن. کە هەر هەڵبژاردنێکی ئازاد بەبۆچوونی ئێمە دەبێ لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بێت لە سەلامەتی و خاوێنی و ئازادی هەڵبژاردنەکە دەستەبەر دەکات.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com